# ئایا ئێمە ئیتر تورکیا وەک ئەوروپایی هەژمار ناکەین؟

نووسینی زۆزانە گویستەن
و. هەڵۆ بەرزنجەیی



„Zählen wir denn nicht mehr als Europäer?"

Kritik von der Kommissionschefin von der Leyen und unerwünscht beim Nahost-Gipfel: Die Türkei fühlt sich von der EU ausgegrenzt.

Von Susanne Güsten

Die Türkei galt Europa bisher als unverzichtbarer Partner am Rand der Krisenregion Nahost. Jetzt sendet die EU diesem Partner jedoch Signale der Ausgrenzung. Kommissionspräsidentin Ursula von der Leyen hat den Beitrittsbewerber Türkei in seinem Verhältnis zu Europa in eine Reihe mit Staaten wie China und Russland gestellt. Zu einem EU-Treffen mit Nahost-Staaten an diesem Freitag wurden zwar Syrien und der Libanon eingeladen, aber nicht die Türkei. Kritiker in Ankara und Brüssel sehen dies als strategischen Fehler.

Von der Leyen hatte am Sonntag bei einer Veranstaltung der Wochenzeitung „Die Zeit" deutlich gemacht, dass sie die Türkei als potenziellen Rivalen sieht, dessen Einfluss auf Europa abgewehrt werden müsse. Es dürfe nicht so weit kommen, dass die direkte Nachbarschaft der EU künftig „russisch beeinflusst oder türkisch beeinflusst oder chinesisch beeinflusst, aber auf jeden Fall

*Die Türkei ist ein zentraler NATO-Verbündeter, ein wichtiger Migrationspartner, (...) ein bedeutender Akteur im Verteidigungsbereich an Europas Flanke und eine ernstzunehmende Regionalmacht.*

Charles Michel, früherer Präsident des Europäischen Rates

Nato-Generalsekretär Mark Rutte (l.) war in dieser Woche zu Gast beim türkischen Präsidenten Recep Tayyip Erdoğan.

ڕەخنەی سەرۆکی کۆمیسیۆنی یەکێتی ئەوروپا (ڤۆن دێر لاین) لە تورکیا و بانگ نەکردنی بۆ لوتکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست :

تورکیا هەست بە پەراوێزخستنی لەلایەن یەکێتی ئەوروپاوە دەکات. تورکیا لە مێژە بە هاوبەشێکی گرنگ بۆ ئەوروپا دادەنرێت و ناتوانرێت دەستبەرداری بن بەتایبەت لە پەراوێزی ناوچە قەیراناوییەکان دا. بەڵام ئێستا دۆخەکە گۆڕاوە و یەکێتی ئەوروپا ئاماژەکانی دورخستنەوە و دەستبەرداربوون بۆ ئەم هاوبەشە دەنێرێت.

(ئۆرسولا ڤۆن دێر لاین) سەرۆکی کۆمسیۆن تورکیای پاڵێوراو بۆ بوونە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا، بەهۆی پەیوەندییە خراپەکانی لەگەڵ ئەوروپا و هاوکات نزیک بوونەوەی لە چەند وڵاتێکی وەک چین و ڕووسیاوە .

ئەمڕۆ یەکێتی ئەوروپا دەربارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ دەوڵەتانی وەک سووریا و لوبنان کۆدەبێتەوە، بەڵام تورکیا بانگهێشت نەکراوە. ڕەخنەگران لە ئەنقەرە و برۆکسل ئەمە بە هەڵەیەکی ستراتیژی دەبینن .ڤۆن دێر لاین ڕۆژی یەکشەممە لە ئاهەنگێکدا کە هەفتەنامەی "دی زەیت" بەڕێوەی دەبرد، بە ڕوونی ڕایگەیاند کە تورکیا وەک هێزێکی ڕکابەر دەبینێت کە پێویستە بەرپەرچی کاریگەرییەکانی لەسەر ئەوروپا بدرێتەوە. هەروەها هۆشیاری دا، نابێت ئەم مەترسییانە بگاتە ئاستێک کە دراوسێی نزیکی یەکێتی ئەوروپا "لە ژێر کاریگەری ڕووسیا، یان تورکیا، یان چین، دا بن.

**ئایا ئێمە وەک ئەوروپایی چیتر هەژمار لەسەر تورکیا ناکەین؟**

ڕۆژنامەنووسی تورکی ڕوسێن جاکیر لە پۆرتاڵی شیکاری تورکیا "مێدیاسکۆ-پ" پرسیار دەکات. هەر نەبێت تورکیا هێشتا کاندیدێکە بۆ بە ئەندامبوون.

ئەگەرچی پرۆسەی بە ئەندامبوونی تورکیا لە EU ساڵانێکی زۆرە ڕاگیراوە، تورکیا هشتا خۆی وەک بەشێک لە ئەوروپا دەبینێت .ئۆزگوير جەلەک قسەکەری پارتی

دەسەڵاتدار ئاکەپەی سەرۆک ئەردۆغان، ڤۆن دێر لاین تۆمەتبار دەکات بەوەی کە دەخوازێت یەکێتی ئەوروپا وەک "یانەیەکی مەسیحی" بپارێزێت.
**ئەوروپاش ڕەخنەی خۆی هەیە**
تا ئەم دواییانە سیاسەتمەدارە پێشەنگەکانی ئەوروپا وەک فریدریش مێرتس ڕاوێژکاری ئەڵمانیا جەختیان لەسەر گرنگی تورکیا دەکردەوە وەک هاوپەیمانێک پیشەسازییەکی بەهێزی چەک و پەیوەندیی چارەنووساز و هەستیاری هەیە. ئەنقەرە پەنابەران لە ئەوروپا دوور دەخاتەوە و ئەردۆغان نێوەندگیری لە نێوان ڕوسیا و ئۆکرانیادا کرد. لەم دواییانەشدا سەرۆک ئەردۆغان پاڵپشتی حکومەتی پاکستانی کرد لە هەوڵەکانی بۆ کۆکردنەوەی ئەمریکا و ئێران لەسەر مێزی دانوساندن .لەبەر ئەم هۆیانەیە لێدوانەکانی سەرۆکی کۆمیسیۆن لە ئەوروپا ڕووبەڕووی ڕەخنە بۆتەوە .ناچۆ سانچێز ئامۆر، ڕاپۆرتدەری پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا سەبارەت بە تورکیا ڕایگەیاند، ئەم بۆچوونانەی ڤاندەرلاین لە ڕوانگەی جیۆپۆلەتیکییەوە هەڵەیەک بوون .
چارڵز میشێل،سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی ئەوروپا، کە تا کۆتایی خولەکەی لەساڵی ٢٠٢٤ لەگەڵ ڤۆن دێر لاین ناکۆکی هەبووە، ڕۆڵی تورکیای وەک زلهێزێکی ناوچەیی، هاوپەیمانی ناتۆ، هاوبەش لە سیاسەتی کۆچ و وزە، هەروەها هێزێکی سەربازی بەهێزی لە پەراوێزی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا بەبیر سەرۆکی کۆمیسیۆن هێنایەوە.
مارک ڕوت سکرتێری گشتیی ناتۆ بەشێوەیەکی ئاشکرا لە سەردانەکەیدا بۆ ئەنقەرە لەم هەفتەیەدا خۆی دوور خستەوە لەم باسانە : ئەویش سێ وڵاتی خستە لیستی ئەو وڵاتانەی کە پێویستە بە مەترسی و هەڕەشە هەژمار بکرێن، ئەوانیش شانبەشانی چین و ڕووسیا ناوی ئێرانی هێناوە نەک تورکیا .ئەردۆغان خۆی بێدەنگ کردووە و هیچ لێدوانێکی نەدا.
کۆمیسیۆنی یەکێتی ئەوروپا هەوڵیدا ئەو لێدوانانە و گرژییەکان کەم بکاتەوە.
وتەبێژی کۆمسیۆن ڕایگەیاند، سەرۆکی کۆمسیۆن ئاماژەی بە بەرپرسیارێتی و گرنگی تایبەتی تورکیا وەک کاندیدێکی ئەندامبوون دا بەڵام کەسی قەناعەت بەم قسانەی نەکرد. ڤۆن دێر لایین بە هەڵە ئەم قسانەی نەکردووە. سیاسەتمەداری ئۆپۆزسیۆنی تورکیا و دیپلۆماتکاری باڵای پێشووی تورکیا نامیق تان لەسەر ئێکس کۆمێنتێکی کرد، ئەو "ڕەهەندی نیگەرانکەر"ی هەستی دژە تورکیای لە ئەوروپا ئاشکرا کرد.
یەکێتی ئەوروپا ئەم تێڕوانین و هەڵوێستە بەهێزتر دەکات بە بڕیارەکەی بۆ بانگهێشتنەکردنی تورکیا بۆ کۆبوونەوەی لوتکەی لەگەڵ دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ئەم هەینی ٢٤/٤/٢٠٢٦ لە قوبرس ئەنجام دەدرێت .
سیاسەتمەدارانی سوریا، لوبنان، ئوردن، میسر و ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو لەنێو ئەو کەسانەدان کە چاوەڕوان دەکرێت لە لوتکەی نافەرمیدا بەشداری بکەن. پێدەچێت

ئەو بانگنەکردن و نەهێشتنە بەشێکی بگەڕێتەوە بۆ دوژمنایەتییەکی درێژخایەن.
قوبرس لە دوای کودەتاکەی یۆنان و دەستێوەردانی سەربازی تورکیا لەساڵی ١٩٧٤ دابەش بووە: لە باشوور کۆماری قوبرس هەیە کە زۆرینەی یۆنانییە و کۆماری تورکی قوبرسی باکووریش هەیە، کە تەنیا لەلایەن ئەنقەرەوە دانی پێدا نراوە.
کۆماری قوبرس لە ساڵی ٢٠٠٤وە ئەندامی یەکێتی ئەورووپایە و دژایەتی هاتن و وەرگرتنی تورکیا لەم یەکێتییە دەکات .لە لایەکی دیکەوە، نەبوونی تورکیا لە دیالۆگ لەگەڵ دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەڵوێستێکی سیاسی یەکێتیی ئەورووپاش ڕەنگ دەداتەوە، وەک ئەوەی نووسەر و شارەزای سیاسەتی دەرەوەی تورکیا موراد یەتکین تێبینی کردووە.
هەروەها هەڵەکانی تورکیا کاریگەریی سیاسی لەسەر ئەم پەیوەندییەی لەگەڵ یەکێتی ئەوروپادا هەیە .وەک نووسەر و شارەزا لە سیاسەتی دەرەوە مورات یەتکین سەرنجی داوە .
موراد یەتکین بە ڕۆژنامەی تاگەسشپیگلی ڕاگەیاندووە، ئەوروپا دیدێکی ستراتیژی نییە. یەتکین پێی وایە یەکێتی ئەوروپا پشتیوانی لە ئەنقەرە بۆ مەبەستی پاسەوانی و بەرگری لە خودی ئەوروپا دەخوازێت، کەچی هاوکات دەیەوێت تورکیا لە هاوکاریی و پێکەوە هەمئاهەنگی سیاسی و ئابووری دووربخاتەوە .
ئەگەر ئەوروپا "دەیەوێت پلانێک بۆ ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەبێ تورکیا دابڕێژێت، ئەوا ماڵئاوا ."بەم شێوەیە هیچ ڕێگەیەک نییە بتوانێت بۆ ڕازیکردنی تورکیا بۆ پێکەوە کارکردن.

---

سەرنج: سەرچاوە رۆژنامەی دێر تاگەسشپیگلی رۆژی ٢٦/٤/٢٠٢٦..
تورکیا لە مێژە لە هەردوو بەری جۆگە دەخوا و لەسەر دوو پەت یاری دەکات، خەریکە لەوەڕەکەی لێ دەبڕن و لەسەر پەتەکە دەکەوێتە خوارەوە. هەڵۆ